الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في بريطانيا
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK

# فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەبەرامبەر سیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەراندا نوینەرانی هۆم ئۆفیس دەخاتە ژیر گوشارەوە

ئەمرۆ لەسەرداوای هۆم ئۆفیس کۆبوونەوەیەك لە گەل نۆینەرانی ریکخراوە عیراقی یەکان و کوردیەکان لەشاری لەندەن ئەنجام درا. مەبەست لەم کۆبوونەوەیە قسەو باس کردن بوو لەسەر پرۆژەی بەناو گیرانەوەی ئارەزوو مەندانەی پەنابەرانی کورد کە ماوەی دوو ساڵە بەدوای رووخانی رژیمی بەعس، حکومەتی بەریتانیا وەك سیاسەتیك لەبەرامبەر پەنابەراندا گرتۆیەتی‌یەبەر.

سەرەتا قسەکەری رەسمی هۆم ئۆفیس، سیاسەتی حکومەتەکەی تونی بلیری لە پەیوەند بە بارودۆخی سیاسی عیراق تاوتۆکرد، پاشان قسەکەری دەزگای کاروباری گەشەپێدانی نیو دەولەتی باسی لە سەرف کردنی چەندین ملیون دولارەکرد کە گوایە لەپێناو ئاوەدان کردنەوەی عیراقدا خەرجیان کردوە، بەدوای ئەویشدا نۆینەری (UNHCR) پیداگری لەوەکرد کە هیچ پەنابەرێ نابێ بەزۆر بگیردریتەوە بۆ عیراق و عیراق نائەمنە.

پاشان دەرگا کرایەوە بۆ قسەو باس و مداخەلەی بەشداربووان، (نادیە محمود) لەرێکخراوی سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان، (هۆزان محمود) لەلایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی تەواوی ئەو ئیدعایانەیان بەر پەرچ دایەوە کە نوینەرانی هۆم ئۆفیس لەسەر پرۆسەی دیمکراتی لەعیراقدا باسیان لێوەکرد وئاماژەیان بەوبارودۆخە کرد کە داگیرکاری وشەر تیرۆر بەدوای خۆیدا هیناویەتی. باوردۆخێك کەتا ئەوپەری نائەمنە و حکومەتێکی ناشەرعی وداسەپاو، لەسەر ئەساسی دابەش کردنی قەوم عەشیرەتی هیناوەتە ئاراوە وبریاریشە دەستوریکی قەومی فاشی _ ئیسلامی بکریتە پیوانەیەك بۆماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی عیراق .

لەبەشێکی تری قسەکاندا نوینەرانی هۆم ئۆفیس چوونە سەرباسی گیرانەوەی ئارەزوومەندانەی پەنابەران و مەسەلەی یاسای ژمارە 4 ولەمبارەشەوە رایان گەیاند کەهیچ پەنابەرێك بەزۆر نانێرنەوە.. لەبەرامبەر ئەم بەشە لەقسەکانی نوینەرانی هۆم ئۆفیسدا، (سەوسەن سەلیم) بەرپرسی رێکخراوی ژنانی پەنابەرانی کورد لەبەریتانیاو (دەشتی جەمال) بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی بەناوی 2000 ئیمزای پەنابەرانی کوردەوە لەبەریتانیا، وهاوکات( ئارام حمەسەعید) بەرپرسی فیدراسیۆن پەنابەرانی عیراقی لەشاری لیستەر،(شەپۆل) بەنۆینەرایەتی پەنابەرانی شاری وەلڤیرهامتن لەم کۆبوونەوەیەدا بەدریژی کەوتنە قسەو هەموو ئەو ئیدعایانەیان بەدرۆخستنەوە کە نوینەرانی هۆم ئۆفیس بۆ تەبیری سیاسەتی بەزۆرناردنەوە کردیان. لەم بارەشەوە قسەکان ئاماژەبوون بۆئەوەی کەئەم پرۆژەیەی وەزارەتی ناوخۆ لەبەرامبەر پەنابەراندا، ناتوانێ بەئارزوومەندانە ناوببرێ، بەڵکۆ ئەمە هەوڵێکی ترە لەسیاسەتی دژ ئینسانی حکومەتی بەریتانیا بۆ ناچار کردنی پەنابەران بە هەڵبژاردنی گەرانەوە، ئەوەتا بەپێی ئەم پرۆژەیە کەناونراوە "گەرانەوەی ئارەزوومەندانە" هەرەشەی برینی خزمەتگوزاری و لێ سەندنەوەی خانووبەرە لەپەنابەران دەکرێ، ئەگەر پەنابەران فۆرمی ناردنەوە ئیمزا نەکەن، لەکاتی چوون بۆ ئیمزاکردن دەگیرین و راپیچی گرتووخانە دەست بەسەرەکان دەکرین ولەپاڵ تاوان باراندا رایان دەگرن، لەکاتێکدا ئەم سیاسەتە پێچەوانەیە بە بریار نامەی کۆنفیدراسیۆنی جینفی1951. ئەمە تاونێکی بێ پەردەیە دژ بەهەقی ئینسان و ماڤ نیشتەجێ بوون، داواکرا دەولەتی بەریتانیا دەبێ بەجێ دەست لەم سیاسەتە هەڵگرێ ..پاشان لەسەر وەزعیتی سیاسی عیراق وکوردستان ئاماژە بەباری نائەمنی و ژن کوشتن و تەقەکردن لەخۆپشاندەرانی کەلارو خۆپشاندانە جەماوەریەکان و (قوتابیان ،مامۆستایان،سایەق تەکسی‌یەکان) و گرتنی بەرپرسی فیدراسیۆن و کوشتنی هەڵسوراوانی

سیاسی و داخستنی بارەگای ئەحزابی سیاسی چەپ وریێکخراوەکانی ژنان و منداڵان و کوشتنی هەڵسوراوانی سیاسی کرا و دەیان بەڵگە خرایە روو کە کوردستان ئەمن نی‌یە وبەم جۆرەش سەرنجی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە راکیشرا.

هاوکات لەسەر هەقی پەنابەری داوای دەست بەجێی مافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی کوردی عیراقی کرا، وئازاد کردنی گیراوەکان لەگرتووخانەی دەست بەسەرەکان دا، وەبە نوێنەرانی دەولەت راگەیەنرا کەئەگەر دەست لەسیاسەتی دیپۆرتی بەزۆری پەنابەران و لیسەندنەوەی خزمەتگوزاری‌یەکان نەکیشنەوە ئەوا فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی رێگای شکایەت و راکیشانە دادگا هۆم ئۆفیس دەگریتە بەر.

سەر ئەنجام لەم کۆبوونەوەیەدا قسەو باسەکانی ئەو رێکخراوانەی ناویان هاتووە نوێنەرانی هۆم ئۆفیسی خستە ژیر فشاری خۆیەوە و ئەوانی ناچار کرد بەوەی کە ئەم هەوالانە وئەم قسانە بەگۆی دەولەتەکەیان بگەیەنن. هاوکات رایان گەیاند هیچ پەنابەرێك بەزۆر نانیرنەوەو لەداهاتووشدا کۆبوونەوەی لەم جۆرە بۆ چارەسەری کیشەکانی پەنابەران سازدەدەن.

ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە جاریکی‌تر راستی ودروستی لیکدانەوەکانی فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی و خەباتیك بۆ گیرانەوەی مافی پەنابەران دەسەلمینێ. ئەوە دەسەلمینێ کە فیدراسیۆن تەنها ریکخراوی پەیگیر وتیکۆشەری بزوتنەوەی بەسەرنجام گەیاندنی خواستەکانی پەنابەرانە و سەنگەریکە بۆ ناچارکردنی دەولەت و دەست هەلگرتنی لەسیاسەتە دژی ئینسانی‌یەکانی لەبەرامبەر پەنابەرانی کورد و عیراقی‌دا.. ئیمە لەم مەیدانەدا ئامادەین و بەتەواوی توانامانەوە تیدەکۆشین.

سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی پەنابەران

**سەرکەوێ خەباتی پەنابەران بۆ بەدەستهینانی مافەئینسانی یە کان**

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بەریتانیا**

**2005-9-28**

---

www.federasion.org